(پەخشان)

بەرەو زینۆی چاو ڕێژانێ

جەزا عەلی ئەمین

کۆتایی هەفتەیە، کوولە کوولی بەهارێیە، دیسانەوە ئەو لوتکە بەندەنە کەمەندت بۆداون، سەیر پێوە دەبی؟ پەڕە نەرمەکانی گیان.. سەرنجی کاڵ، ترپەی دڵە هاروهاجەکەت، پێکەوەو بێ پرس دەکەونە کۆشە نیان و روناکەکەی ئەوینەوە جاخپ دەبن. لە ماڵ دێیە دەرێ.. دەتەوێ کەرەسەی ڕۆینت لەبیر بێ.. نەکا پێکت وشك.. بەرامەی عەترت لێ بڕێ.. لە مێژە دڵت ڕاهاتووی شلکە گیای ئاونگاوی و پەلکی گوڵە قاتییەکانی بەرپێی بەفرە، لەوێندەری نەبێ تێر خەونابێ.

بەبەر چاوەتەوە خاك وەك بجمێ وایە.. دارتێلەکان دەڵێی یەکدی ڕاودەنێن، فریای بژاردنیان ناکەوی.. ڕێوبانێکی تاساوی، دروست دەڵێی ڕێی کوردانە، وای نابینی، ئەو دەیان کیلۆمەترەت لێدەبێتە مەرزی هەناسەیەکی تەماوی چلوانێ.. سی و ئەوەندە ساڵەیە ئەو ڕێیە دەتهێنێ ودەتبا، دیمەنی ئەو باسك و یاڵانە، تەنانەت داروەدەوەنی، خڕو دۆڵی، وەك پەخشانەکانی سوارە لەبەرتن، کەچی وا عەزرەتی دەڕوانی وەك ئەوەی یەك نەبینەوە وایەو، بۆ تۆ ئاوریشمی ئەوینە، لۆ، لۆ، پێچ پێچ هەڵیدەوێزنی..تادەگەیە زینۆی.. ئەو ماوەیە دەڵێی لەبن پلوسکە رازدای.. تکەی لە پڕژەی خۆشتر.

لەوێرا ئاوڕ لەزێی سندۆڵان و چەمەکانی پشدەرێ دەدەیەوە، دەڵێی ئاوێنەی بەر هەتاون.

بۆنێکی خۆش لە باخەڵی سروشتەوە دێتە دەرێ، سی دەهاژێنێ.. دڵ تاوێ لەبەر پلوسکی سەر گوێن ڕادەگرم.. تا نەتەزێ ناچێتەوە ناو سینە.

***

لە پردی قلیاسان دەپەڕمەوە، بەلای ڕاستدا لادەکەمەوە.. بۆ دارچوالەکانی سەردەمی گۆران دەگەڕێم دیار نین، وەك میلۆنان داری دیکە لەسەرمانا هاتن بەلادا.. لەو باسکە نەوییانەی دەستە چەپەوە سێوە لاسوورەیەکم لێ دیارە، دروست بەقەد دڵم دەبێ.. لەوکاتەوەی بە دڵی خۆمم گرتووە، لەوە بێ باکم دڵم لە ناو دڕکەزی نەهامەتیدا لێبکەوێ و نەیبینمەوە، یاخو ببێتە پێخوستی نەیاران! هەر لەجێ ئەو سێوە لەسینەمدا دادەنێمەوە.. ئەگەر لە دڵێ خۆم گەرم و گوڕتر نەبێ لێوانی ئەوین نەبێ هیچم نەزانیوە.

پەڵە گوڵاڵە سوورەی ڕێی (دووکان) تادەیان بینم وادەزانم لە زامی شەهیدانەوە دێنە دەرێ.. بۆنێکی قورس و خەمناکانەی لێدەکەم.. تەماشا، لەپێ جێیە سەد جار خۆی لەشەپۆلە زۆر تینووەکانی زێ هەڵکێشێ کەرەتێکە.. بەڵام تەرنابێ! هێندەی نەماوە سواڵکەرو سەیرانچی بەقەد یەکیان لێ بێ! نازانم ئەوانەچۆن نان بەگیانیان دەکەوێ؟

لە پردەبازی (دووکان) ئەو کچانەم چاولێن لە داخی کەسوکاری سووك خۆیان هاویشتە ئاوەکەو نەگەڕانەوە.. یەکە، یەکە سەرئاو دەبن پێیان دەڵێم لەم هەرێمە هێشتا وەرزی دڵداری نەهاتووە، بە نۆرە دڵۆپە فرمێسك لە چاومدا دەڕوێنن و لە بن پردەکەدا غەیب دەبن! دروشمێکی ڕەش دیارە چاو بە گەورەو گچکە نەویدەکا.

ئێرە کلکەی (باداوان)ە، لای نێرگزە جارەکەیە، لێرەوە بەهار دەبینم بانگی نەورۆز دەبیستم، شیبا ڕەنگی نێرگزان پێکدادەدا، شەڕەماچی زەردو سپی و سەوزە، (با) نەبێ کێ فریای بژاردنیان دەکەوێ؟ دڵی بێ پرس دەچێتە بن تەنکە نسێیان، نەرمە بۆنی نێرگزان بەخۆیدا دەدا، تا توێ توێ توێژاڵی ڕەشە خەمی لێدەوەرێ و لە نەدیوان دەیشارێتەوە، نەکا چیلکە چن، کەنگرەوان بەدەستێانەوە بلکێ و سەرنجیان برنێ، دڵم دیارە، چەپکە نێرگزی پێیەو گوڵاڵە سوورەیەك دەکاتە پشتێن و دێتەوە بۆ سینەی زامان!

لەبن پردەکەی (هیزۆپ)ەوە ئاو دەڵێی هی زاڵمە بەرو ژوورە، لە داری قەمتەرانەوە، وڵاتی مەرگێ دەردەکەوێ.. سەری (کوریس) گیابەندی لێدەڕژێ و بەرامەی دەگاتە من!

بیتوێن خاکی زیندووبوونەوەیە.. دوژمن لێرە قەڵەمی ئەژنۆی شکا.. دەرووی دەربەند، دەمی شووشە عەتری پشدەرییە، تادەگەمە ئێرە دەخوازم (سی) بە بارتەقای مەرزی بەرامە بکەمەوە، تاهەستیم لەمەستیتیدا شەڵاڵ بێ!

ئیمرۆهاوەلە دوورەکانیشم پین، دەمەوێ ڕاوی تریفەیان پێبکەم، تاغەوری بیریان لاچێ.. مانگی چواردە وەکی ڕووی نازەنینان بەبان سەرمانەوەیە.. تاوڵی ڕووناکی هەڵداوە.. دەنگی عەزیزی ماملێ، وەك چرا لەچوار لاوە داگیرساوە.. زرەی پێك شەو وەئاگا دێنێ.. چپەچپی گیا دەبیەم، (سرکەی جێژووانە!) دەنگناخۆشەکانی وەك مەش کەوتوونە سەر هەوای ویرەویرێ! هەر ئیمشەو چاو لە دزێوی کلا دەکەین.. باسی ڕەفیق حیزبییەکان ناهێنینە پێش نەکا سفرەی گیانمان لێ پیس بێ.. شەو دوولا هاتەوە، بای مەستی دەمانشەکێنێ، هاوڕێیان لەناو دڵمەوە دێنە دەرێ، (سوڵتان) لە هەمووان کەڵەگەتترە، ئاوێنەم بۆ ئەوانی دیکە دانا، چووکی خۆیان پێسەیرە! بەقاناکەن! پێیان دەڵێم: دوای مانگئاوابوونێ جێ پێی بێرییان هەڵدەگرم، بۆ کلەڕاژو دەگەڕێم، چاوی خۆم لە مێژە لە خۆڵی جێژوانێ وەرداوە بۆیە دەبینێ! وا نەبا لە شەست و هەشتەوە موقراییم دادەهات. ئیمشەو دەبێ بەشی ئێوەش بێنمەوە.. نەکا لە دوورڕا نەمناسنەوە!

2001 هاوینی